کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 25-6-2007 0:19

## خۆ دورگرتنی ڕاگەیاندنی کوردی لەئاین ئیعتراف نەکردنە بەناسنامەی موسولمانێتی گەلی کورد ... ملا حسن قادیانەی

qadiyani@gmail. com

ئەوانەی بانگەشەی بەعەلمانی بونی دەستوری حکومەتی هەرێمی کوردوستان دەکەن دیارترین پاساویان بۆئەم بانگەشەیە جێگیربون و وەدەست هێنانی مافی عەلمانیە کان و تێکڕای بیروڕاجیاوازەکانە چونکە بەلایانەوە تەنهاعەلمانیەت چارەسەرە بۆ شدەستەبەرکردنی مافەکانی هەموچین و توێژێك و گوایە هیچ کەسێك لەژێرچەتری عەلمانیەت ماف و بەش خوراونابێت.



بەلام ئەوەی دەبینرێت لەسەرگۆڕەپانی کوردوستاندا بەر لەبە فەرمی ناساندنی هەرێم بەعەلمانیەت هەرلەپایئەم نیم چە عەلمانیەتەی کەهەیە مافی نەك کەمینە بەلکوزۆرترین جەماوەر خوراوە و خواستەکانیان پشت گوێ خراوە ئەویش جەماوەری موسولمانی کوردوستانە کەلای خۆی دەبی بەشی شێریان بەرکەوی چونکەزۆرینەن و مێژوی چەندین سالە و دیارترین شاکارەکانی شارستانیەتی کۆمەلگای کوردی هی ئەوانە کەبریتین لەچەندین ڕەمزی وەکومزگەوت و پەرستگا و مەزارگەو کەسایەتی مێژویی و ناوداری ئیسلامی. کەچی کەمترین مافیان ڕەچاوناکرێت ئەی ئەگەرعەلمانیەتی تەواو جێگیربکرێت لەدەستوری هەرێم دەبێ حالیان چۆن بی.

من لێرەدا ڕاگەیاندنی کوردی بەنمونە دێنمەوە بەتایبەت ڕاگەیاندنی هەردوك حزبی دەسەلات دار پارتی و یەکیەتی. نکۆلی لەوەناکرێت کەئەم دووپارتە جەماوەرین و خاوەنی مێژویەکی شۆڕشگێڕی دورودرێژن جەماوەریش لەهەلبژاردنەکان متمانەی خۆیان پێ بەخشین لەهەمان کات دا نکۆلیش لەوە ناکرێت کەئەوەی لەڕێگەی ئەم حیزبانە شەهیدبون و ئەوانەی دەنگیشیان بۆدان چەند کەسانێکی کەم نەبی ئەگیناهەمویان موسولمان بون وەئێستاشی لەگەل بێ ئەوەی ئەندامی ئەم دوو پارتەیە زۆربەکەمی نەبێت باقی تری هەموی باوەڕدارە جاباوەڕەکەی زۆربێ یان کەم

وەئەوەی لەموسولمانیەتی زۆرینەی خەلکی کوردوستان بەگومانە دەتوانیت سەیرێکیبەخێرای ئاپۆڕای نویژکەران بکات لەڕۆژانی هەینی دا یاخوت باڕاپرسیەك بکات ئەوسا بۆی دەردەکەوێت کەڕیژەی موسولمانان لەکوردووستاندا چەندە.

لێرەدا پرسیارێك خۆی دروست دەکات ئەویش ئەوەیە کاتێك تۆ زۆرینەی جەماوەرەکەت موسولمان بێت و کۆمەلێك دام و دەزگای ڕاگەیاندنی بینراو و بیسراوت هەبێت و خەرجیەکەشی لەبودجەی حکومەت و داهاتی هەرێم کەمولکی هەمو گەلە دابین بکرێت چۆن ڕەوایە ئەم ڕاگەیاندنە بەتایبەت کەنالە ئاسمانیەکان کەتاك و ئێستا چوار کەنالی ئاسمانی دەست بەکارمان هەن. کوردوستان **tv**زاگرۆس**tv** کوردسات**tv** الحریە**tv** لەگەل دوکەنالی تر کە لەقۆناغی ئەزمونین. گەلی کوردوستان**tv** و نەورۆز**tv** کەم ترین ڕەنگدانەوەی جەماوەریان پی و ە دیار نەبێت و بەئامازەیەکی زۆرکەمیش گوزارشت لەبیر و باوەڕی ئەم هەموو زۆرینەی جەماوەرە نەکەن و بەلکو بەپێچەوانەوە زۆرجاری واش هەیە هەست و نەست و باوەڕیشیان دەوروژێندرێت لەسەر ئەم کەنالانە. ئەمە لەکاتێکدایە کەلەبەرنامەی کاری ڕۆژانەی ئەم کەنالانە بەشی هەموتوێژ و نەتەوەیەکیان لێدراوە. مەسیحی یەزیدی توروکمانی ئافرەتان مندلان هەنەرمەندان.... . تەنها ئەوەی بی َبەش کراون موسولمانان و توێژی زانایانی ئاینین کەئەمەش پێچەوانەی ڕاستەو خۆی بنەماکانی دیموکراسی مافی مرۆڤن کەئێمەی کورد زۆر بەفراوانی بانگەشەیان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بۆدەکەین بگرە پێ چەوانەی خودی عەلمانیەتیشن چونکەلەو وولاتانەی کەپەیرەوی عەلما نیەت دەکەن و موسولمانان تیایاندا کەمینەن ڕەچاوی مافی کەمینایەتیەکەیان کراوە بۆنمونە لەزۆربەی ولاتانی ئەوروپی کەموسولمانان بونیان هەبێ لەم ولاتە بەپێی ڕێژەکەیان بۆیان هەیە مافەڕواکانیان لەسەر ئەم کەنالانە بلاو بکەنەوە کەزمانحالی حکومەتن سەرەڕای (کەنال ئیسلام) ەکانی بریتانیا و ئەلمانیا و دانیمارك و ... کەچی ئەم هەم و زۆرینەی موسولمانە لەکوردوستان کەمترین کاتیان پێ ڕەوانابینرێت بۆپێش کەش کردنی بەرنامەیەکی ئاینی. ئەوەی من دەی لێم شتێکی واقیعیەو یەك کەس ناتوانێت لەگەڵم دا ڕای جیاوازبی خۆگەربوش ئەوادەتوانێت بۆماوەی یەك هەفتەبی یەك مانگ بی بەدیارکەنالەکانەوە دانیشی ئەوسادەبینی کەچەند بەرنامەی ئاینی هەلقولاوی ناخی جەماوەر لەسەر ئەم کەنالانە پەخش دەکرێت.

زۆرسەیرەکەنالێك کەبەپارەی جەماوەر دانرابێت و بۆئەوانیش بێت کەچی نەك تەنها 24کاتژمێر بەلکو هەفتەی کەدەکاتە 168 مانگێك کەدەکاتە720 کاتژمێر. تەنهایەك کاتژمێر بۆبەرنامەیەکی ئاینی تەرخان نەکرێت کەگوزارشت لەبیرو باوەڕی ڕاستەقینەی ئەم گەلە موسولمانە بکات و هەرهیچ نەبێت بۆڕایگشتی جیهانی ئیسلامی دەرەوە بۆئەوەی ئەوانیش بزانن کە گەلی ئێمە تەنها گۆرانی بێژ و هونەرمەند و بێ باوەڕنیە. حاجیەك گوتی:ئێمە لەحەج بوین بەجلی کوردی کابرایەك هات و تەوقەی لەگەڵ کردین و گوتی (کاکە شلۆنەك) گوتم تۆچۆن ئێمە دەناسی گوتی (شوفتکم علی التلفزیون بالدبك) بۆ ئێمە تەنها بەسەما و هەلپەڕکی بناسرێین ڕەنگە ئەو ناهەقی نەبوبی چونکە لەسەر تەلەفزیۆنەکەی ئێمە بەزۆری هەلپەڕکێی بینیوە.

من پرسیاردەکەم ئایەکەنالەکانی ئێمە بەلایانەوەشەرمەکەبەرنامەی ئاینیان هەبێت و خۆیان و گەلەکەیان بەموسولمان بناسێنن گەروایە ئەبێ شەرمیان بەمێژوی لەمێژینەی کەلی کوردیشەوە بێت ئەبێ شەرمیان بەم هەزارەها شەهیدەبی کەبە ئیسلامەتیەوە لەسەرئەم خاکەسەریان نایەوە ئەبی شەرمیان بەم هەمو ڕموزە مێژوویانەبی کەوەك ناسنامە لێهاتون بۆگەلی کورد وەك شیخ فلان و ملا فلان و قازیفلان کەهەمویان نازناویان ئیسلامیە. ئەی گەرشەرمیان بەئاین نیە بۆلایەك لەئاین ناکەنەوە بۆلەکاتی هەرگۆڕانێك و بۆنەیەك ماموستایانی ئاینی بانگێشت ناکرێن بۆئەم کەنالانە بۆئەوەی لەگەڵ ناخی جەماوەرەکەیان بدوێن کەتەنها کۆدی جەماوەری موسولمان لای ئەوانە هەرهیچ نەبێت وەکو گۆرانی بێژێك هەژماربکرێن کەهەفتانە چەندین دیمانەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەو خۆیان لەگەڵ سازدەکرێت کەمەبەستم سوکایەتی بەوانەوەنیە بەلکو مەبەستم تەنهاواقیعە.

وەمن لێرەدا داوالە بەرپرسانی پەیوەند دار و بەڕێو بەرایەتی ئەم کەنالانە دەکەم چاوێك بەم بابەتە هەستیارە دابخشێن نەوە و تامی زاری جەماوەربکەن بۆئەوەی بزانن جەماوەر تاچەند لە کەنالەکانیان ڕازیە وەگەرکاروابروات خەلکانێك شوێنی ئێوەدەگرنەوە کەئەوکات بەدلی ئێوەنابێت 0

ملاحسن قادیانەی
qadiyani@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.